سەماحەتی حەکیم پیرەزبایی جەژنی لەدایك بوونی مەسیح دەکات و بەیەکەوە ژیان و هاریکاری لە عیراق دووپات دەکاتەوە



بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی سەردانی کڵێسەی ئارسۆزکسی کانی کرد بۆ ئاوەی پیرەزبایی خۆی ئاراستەی پێکهاتەی کریستیانەکان و گەلی عیراقی و مەسیحییەکانی هەموو جیهان بکات، سەماحەتی هیوای خواست جەژنی دایك بوونی گەورەی مەسیح ببێتە هەکاری پتەوکردنی پەیوەندییەکان لە نێوان ئاو پێکهاتەیە و سەرجەم پێکهاتەکانی دیکەی گەلی عیراق.

لەمیانەی گوتەیەکیدا سەماحەتی حەکیم گوتی " پەیامە ئاسمانییەکان هەڵگری بەها و نموونەی مرۆڤایەتین، ئاو بەهایانەش پەیوەندی لەگەڵ خودای گەورە بەهێز دەکات، هەروەها ئاماژەی بۆ ئەکاریانە کرد کە عیراق پێیدا تێپەڕ بووە و ئووەی کردووە کە عیراق ئێستا سەقامگیری لەسەر ئاستەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنی هەیە و جگە لەوەش هەوڵەتی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان لە عیراق هەیە لەو قۆناغەدا، هەروەها دووپاتی کردەوە کە ئاوەی لە عیراق بەدی هاتوە هەموو بەهێی نزا و فرمێسك و قوربانییەکانی گەلی عیراق بوو کە هەموو پێکهاتەکانی پێشکەشیان کرد.

هەروەها سەماحەتی حەگیم باسی سروشتی دۆخی گەلانی فەلەستینی و سووری و لوبنانی کرد و هیوای سەپامگیری و ئاشتی و بەیەکەوە ژیانی بە خواستن و گوتی هیوادارم ئاو وڵاتانە بتوانن سەرپەرشتی گەلەکانی خۆیان بکەن و هیواکانیان بە داهاتوو بەدی بهێنن.